www.kurdistannet.org
19-1-2003 3:20

# شەڕی عێراق یان ڕووخانی ڕژێمی ســـەددام؟

ئازاد محمدامین سەلیم



شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە پاش ڕووداوەکانی ١١ی سێبتمبەر ئەو هاووکێشانەو تێڕووانینەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتان بە گشتی وە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە بنەڕەتدا گۆڕا وە ئەو بیرۆکەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە گوایە دوورە لە شوێنە ئاژاوەکان و مەترسی ڕاستەوخۆی لەسەر نیە لە لایەن هێزە ڕادیکالەکان بە تەواوی ڕەت بووەوە لە پاش ئەم هێرشانە.

وە هەر ماوەیەکی کورت پاش ئەم ڕووداوانە لای زۆر لایەن کە نزیکن لە سەرچاوەکانی دەسەڵات لە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندرا کە دووای تەواو بوونی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەفغانستان هەنگاوی دووەم ڕژێمی سەددام دەبێت کە من لێرەدا باسی ئەمە ناکەم وە زۆری لەسەر نووسراوە وە شیکراوەتەوە.

لە پاش دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ١٤٤١ زۆربەی چاوەدێرەکان پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ڕژێمی عێراق توانای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی نیە (یان بەشێوەیەکی تر بڵێین ئەم ڕژێمە هیچ کاتێك پاك نابێتەوە) ، ئەوەتا تەنیا چەند هەفتەیەك پاش ئاشکراکردنی عێراق بە نووسینی ١٢٠٠٠ لاپەرە کە هیچ چەکی کۆمەڵکوژی نەماوە وە بەتەمای درووستکردنیان نیە، پشکێنەرە نێو دەوڵەتیەکان لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ڕایەنگەیاند کە ١٢ گوللە تۆپی کیمیاویان (بەڵام ماددەی کیمیاوی تێدا نەبووە) دۆزیوەتەوە، وە هەروەها ئەمڕۆش (شەممە ٢٠٠٣. ١. ١٩) ڕاگەیندرا کە لە ئەنجامی پشکنینی ماڵی زانایەکی عێراقی، کە لە بواری ئەتۆمی کار دەکات، نزیکەی ٣٠٠٠ لاپەڕەیان دۆزیوەتەوە کە باس لە بەرنامەی پێشکەوتنی بەرنامەی ئەتۆمی عێراق دەکات.

ئەم ڕووداوانە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها د. بلیکس (سەرۆکی لیژنەی پشکنین انموفبك) بە شتێکی مەترسناك لە قەڵەم درا تا ڕادەیەك باس لەوە دەکرێت کە ئەمانە بەڵگەی بەزاندنی عێراقە بۆ بڕیاری ١١٤١ وە د. بلیکس و د. البرادعی (سەرۆکی لیژنەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی) هەردوکیان لە قوبرس کە بە ڕێگاوەن بۆ عێراق داوایان کرد کە دەبێت عێراق زیاتر هاوکاری بکات واتە ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی تەواو نیە. وە لە لایەکی تر ئامادەباشی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنیان کە تا کۆتایی ئەم مانگە بەڵگەی تەواو لە سەربەزاندنی عێراق بۆ بڕیاری ١٤٤١ ئاشکرا دەکەن وە دەشزانین کە لە ٢٠٠٣. ١. ٢٧ لیژنەی پشکێنەران ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش دەکەن.

ئەمانەی سەرەوە هەموو بەڵگەی بە هێزن بۆ حەتمیەتی ڕووخاندنی ڕژێمی سـەددام (بەڵام شێوازی لابردنەکەی تا ئێستا ئاشکراو ڕوون نیە) .

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕژێمی سەددام و لەو ڕۆژەی وڵاتە یەکگرتووەکان باس لە لابردنی ڕژێمی عێراق دەکات بە بەردەوامی خۆپیشاندان دژی ئەم سیاسەتە دەکرێت، وە ئەمڕۆش لە زۆر وڵاتاندا (وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ئەلمانیا، ژاپۆن، میسر ...هتد) خۆپیشاندان بەردەوام بوو وە ئامانجی ئەم وڵاتانە بەگشتی نەفرەت کردنە لە شەڕ.

www.kurdistannet.org

ئەگەر لە مرۆڤێکی ئاسایی پرسیار بکەیت کە گیروگرفت ( لەسەر هەر ئاستێك بێت) بە چی شێوەیەك چارەسەر بکرێت ؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە بە شێوەبەکی ئاشتیانە. ئەم وەڵامە لۆژیکە وە لەگەڵ زمانی سەردەم دەگونجێت. بەڵام ئەم لۆژیکە تا چی ڕاددەیەك لە گەل باری ئێستای عێراق و ڕژێمەکەی دەگونجێت؟ ئەگەر هەر بنچینەیەك نەگەنجاویکی هەبێت ئەوە باری ئێستای عێراق بە ڕای من دەچێتە ئەم خانەیەوە. من لەو باوەڕە دام کە زۆرینەی خەلکی عێراق لە گەل لابردنی ڕژێمی سەددامن. لەبەر ئەوەی تەنیا خەلکی عێراق (بە تایبەتی کوردو شیعە) دەزانن ڕژێمی سەددام مانای چیدەگەیەنێ؟ من خۆم چەند جارێك گفت و گۆم لە گەڵ هەڤالانی سەر ئیشەکەم (کە زۆربەیان ئەڵمانن وە لە ئاستێکی وای ڕۆشنبیرین کە دەرچووی زانکۆنن و وە بروانامەی بەرزیشیان هەیە) وە پرسیارم لێ دەکەن و دەڵێن چۆن دژی شەڕ نیت کە بەرامبەر وولات و گەلەکەت دەکرێت؟ هەرچەندە هەوڵی ڕوون کردنەوەی بارەکەیان بۆ دەکەم کە لە لایەن ئەم ڕژێمە چی کراوە بە خەڵك و حورمەتەکانی بەڵام زۆر زەحمەتە لە لایان کە ئەم شتانەی دەیلێم بۆیان هەزم بکرێت. جا بە شێوەیەکی گشتی لای ئەوان شەڕ هەر شەڕە، وە ئەوەندەیان لە شەڕە جیهانیەکان ئازار پێ گەیشتووە کە ئەوەی ناوی شەڕ بێت نەفرەتی لێبکەن.

ڕژێمی سەددام ئەم خۆپیشاندانانە دەقۆزێتەوەو لە شوێنەکانی کە لەژێر دەستیدان وا لەو خەڵکە دەگەیەنێ کە زولمی لێدەکرێ وە بە کاری دەهێنێ بۆ خزمەتی ڕژێمەکەی وە چەواشە کردنی خەڵك کە دەشزانین ئەم خەڵکانە مۆلەتی ئەوەیان نیە سەرچاوەی هەواڵەکان بزانن وە خەڵك ئازاد نیە لە سەر وەرگرتنی میدیا.

خۆپیشاندانی خەڵکانی ناعێراقی دژی شەڕ (هەر مەبەستێکی لە دواوە بێت) دەتوانرێت تێبگەیت بەڵام کە خەڵکانی عێراق خۆپیشاندان دژی ئەمریکا و ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بکەن (لە دەرەوەی عێراق) بە ڕای من دەبێت لەسەری بووەستێت چوونکە ئەگەر ئەمریکا نەبێت زۆر زەحمەتە ئەم ڕژێمە بڕووخێت وە دڕندەیی ئەم ڕژێمە بە شێوەیەکە ئامادەیە هەموو شتێك بۆ مانەوەی، لە لایەکی تر ئەمجارەیان بێگومان هەر هێرشێك بە کۆتایی سەددام کۆتاي پێدێت وە گۆڕانی ئەم ڕژێمە لەوانەیە بۆماوەیەك بێئارامی بکەوێتەوە بەڵام لە مەودای درێژ هەر بە قازانجی مبللەت دەگەڕێتەوە. چاك دەزانین کە شەڕ ماڵوێرانیە وە کارەساتی زۆرە بەڵام مانەوەی سەددام خراپترە (وە دەبێت لە نێوان دوو خراپەدا کەمترین خراپ هەڵبژێرین) .

ئەوەی لە ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی دەگیرێت ئەوەیە تائێستا نەیتوانیوە حەقیقەتی ڕژێمی سەددام بۆ گەلانی ڕۆژئاوا بگەیەنێت، ڕاستە لەسەر ئاستی حوکومەتەکان ئەمە ئاشکرایە بەڵام دەبوایە هەوڵی زیاتر بدرابایەو بدرێت بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم ڕژێمە بگاتە خەڵکی سادەو ڕێکخراوە میللی وە شاراستانیەکان ئەو کاتە زۆر ڕێگای تر لەبەردەست دەبوو بۆ لە ناوبردنی ئەم ڕژێمە بەڵام ئێستاکە تەنیا وولاّتە یەکگرتووەکان لە ئاستێکدایە بتوانێ ئەم ئامانجە جێبەجێ بکات. ئەوەی لەسەر ئاستی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی و هێزە پێشکوتووخوازەکاندایە کە ئەم گۆڕانە بە قازانجی خەڵکی عێراق بگەڕێننەوە لە چوارچێوەی هاوبەشی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ وولاّتە یەکگرتووەکان.

**هانۆفەر/ئەلمانیا – ٢٠٠٣. ١. ١٩**
azadsalim@yahoo.de